# پرۆژەی بڕیاری دەست بەسەرداگرتن و گەڕانەوەی ئەو موڵك و سامانانەی بە ناڕەوا بەدەست هاتوون

**ماددەی یەکەم :**

١– لیژنەیەکی باڵا لە نوێنەری حکومەت و دەستەی نەزاهە و دیوانی چاودێری دارایی پێك دێت و لە ماوەیەك کە لە سێ مانگ زیاتر نەبێت لێکۆڵینەوە و بەدواداچوون بۆ موڵك و سامانی سەرجەم بەرپرس و بازرگان دەکات، کە بەناڕەوا و لەسەر حسابی سامانی گشتی دەوڵەمەند بوونە .

٢–لیژنە لێکۆڵینەوەی تایبەت لەو کەسانە دەکات کە لە سەردەمی ڕژێمی بەعس بەرپرسیاریەتیان هەبووە بەشدار بوونە لە تاوانەکانی دژ بە گەلی کوردستان و ئێستاش هەندێکیان لە دام و دەزگاکانی هەرێم بەرپرسیاریەتیان هەیە .

**ماددەی دووەم :**

لە کاتێك دەرکەوت هەر موڵك و سامانێك بە ناڕەوا (کسب غیر مشرع) بە دەست هاتووە، ڕاستەوخۆ ئیحالەی دادگاکان دەکرێت و بە فەرمانی دادوەری تایبەت مەند دەستیان بەسەر دادەگرێت .

**ماددەی سێ یەم :**

لەسەر هەموو لایەنە پەیوەندی دارەکان پێویستە ئاسان کاری بکەن بۆ جێ بەجێ کردن حوکمەکانی ئەم بڕیارە .

**ماددەی چوارەم :**

لیژنەی باڵا ڕێنمایی پێویست بۆ شێوازی رایی کردنی کارەکانیان دەردەکەن .

**ماددەی پێنجەم :**

ئەم بڕیارە لە ماوەی (١٠) ڕۆژ لە بەرواری پەسەند کردنیەوە لە لایەن دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان دەردەچوێندرێت .

**هۆکارەکانی دەرچواندن :**

بەمەبەستی ئەنجام دانی چاکسازیەکی سەرتاسەری و رووبەرووبونەوەی گەندەڵی و بەهەدەر نەچوونی سامانی گشتی، هەروەها لە پێناو جێ بەجێ کردنی پرنسیپی لە کوێت بوو ئەمە (من این للك هذا) ئەم بڕیارە دەرچوێندرا .